

# تەنزیلە

سرشناسه : جهانی، رئوف،۱۳۵۲.
Jahani,Raof
عنوان و نام پدیدآور : ته نزیله/ خالۆ ڕەووف
مشخصات نشر : سنندج: مادیار، ۱۳۹۸.
مشخصات ظاهری :۱۹۲ص، ۲۱/۵×۱٤/۵ سم.
شابک : ۸- ٤۲- ٦۵۲۵- ٦۲۲- ۹۷۸
وضعیت فهرست نویسی : فیپا
یادداشت : کردی.
موضوع : داستان های طنزآمیز کردی-- قرن ۱٤-- مجموعه ها.
موضوع: Humorous storiese, kurdish--20th century--collections
رده بندی کنگره : PIR۳۲۵٦
رده بندی دیویی : ۹/۲۷فا۸
شماره کتابشناسی ملی : ۵۸۳۷٦۲۹





# تەنزیلە

خاڵۆ ڕەووف

کتێب : تەنزیلە

نووسەر: خالۆ ڕەووف

نۆرەی چاپ : یەکەم ١٣٩٩ - ٢٠٢٠

ناونیشان: سنە، چوارڕیانی شوهەدا، پاساژ عزەتی، وەشانخانەی مادیار؛ ٨٧٣٣١٢٤٤٤٥ (٠٠٩٨)

ئەژمار: ١٠٠٠ دانە

شابەک : ٨- ٤٢- ٦٥٢٥- ٦٢٢- ٩٧٨

## پێشکەش بە:

- جەنابی تەنز، کە کەس بە تەنزیشەوە لای لێ ناکاتەوە.

- ڕێناس، کە هەم کچمە و هەم هاوڕێم.
هیوادارم بتوانێ بەردوام بێ لە خوێندنەوە و نووسین.

- سۆنیا ڕەحیمی، کە ئەگەر کچیشم بووایە،
هەر هێندەی ئێستا لای من خۆشەویست ئەبوو.



# ناوەرۆک


درز ........ ٩

١. سـەندیکانامە ........ ١١

٢. گەزنە ........ ٤٧

٣. سیاسەتنامە ........ ٦٩

٤. چزوو ........ ٧٧

٥. حەوتەوانە ........ ٨٣

٦. AWAT PLUS ........ ١٢١

٧. دەرزیلـە ........ ١٤٧

٨. مانگنامـەی باژێڕ ........ ١٦١

٩. پەیڤکاتۆر ........ ١٦٦

١٠. طنز فارسی ........ ١٧٥

# درز

کە تەنزنووس بی، هەندێ کەس، پاش خوێندنەوەی تەنزەکەت، ئەڵێن هههههه یا ئەڵێن پففففففف، ئیتر تۆیش لەوانەیە جڕتێک بۆ خۆت و تەنزەکەت لێدەی! کە تەنزنووس بی، ئەوانەی چزی تەنزەکەت ئەیانگرێتەوە، ڕەنگە بڵێن «کەم گوو بخۆ» یا بڵێن «لێی گەڕێن با گووەکەی بخوات»، تۆیش لە جڕتەکەیش پەشیمان بیتەوە! کە تەنزنووس بی و زۆر کەس – تەنانەت هەندێ ڕووناکبیریش- بڵێن ئەوە بۆ جوکێکمان بۆ ناگێڕیتەوە، دیسان جڕتەکەت بیر ئەکەوێتەوە!

ئەگرا ئەم کتێبە هی کەسێکیتر بێ، بەڵام تۆی خوێنەر، ئێستا پێشەکیی یەکەمین کتێبی من –کە کۆتەنزە- ئەخوێنیتەوە. منیش وەکوو زۆر نووسەریتر، لە یەکەم چرکەکانی ژیانمەوە نووسەر بووم، بەڵام لەبەر چاووچڵە نەموێراوە بڵێم هەم. ئەگرا ناوم حەسەن بێ، یا کاروان؛ بەڵام ناوم «محەمەد ڕەووف جیهانی»یە و لە چەند ساڵێک لەمەوپێشەوە، زۆربەی بابەتەکانم و بە تایبەتی تەنزەکانم بە ناوی «خاڵۆ ڕەووف»ەوە بڵاو کراونەتەوە. ویستم بنووسم پێشتر لە ئاوێنە و سروە و مهاباد و ڕەوت و کرمانج و سیرواندا «چیرۆکڵە»م بڵاوکردۆتەوە و بە ناوهێنانی ئەو بڵاوکراوانەی کە بابەتی تەنزم تیایاندا بڵاوکردۆتەوە کاتت نەگرم؛ بەڵام ڕێناسی کچم وتی

بنووسـه لـه هەفتەنامـەی «سـیروان» و «ڕۆژان» و «ئـاوات» و «بەیانـی» و «ئاریـز» و دوو هەفتەنامـەی «جامعـە کوردسـتان» و «گەلاویـژ» و مانگنامـەی «کـوردەواری» و «هــاواری کوردســتان» و وەرزنامــەی «هایــا»دا تەنــزت بڵاوکردۆتــەوە و بــە شـێوەیەکی جیـددی خەریکـی تەنزنووسـینی.

یەکـەم هەوڵـی جیددیـی تەنزنووسـینم، گۆشـەی «سـەندیکانامە» بـوو کـە لـە ١٣٩١/٠٥/١٥ەوە لـە دووهەفتەنامـەی چـرۆدا بـڵاو ئەکرایـەوە و ئـەم کتێبـە تەنهـا هەڵبژاردەیەکـە لـەو بابەتـە تەنزانـەی کـە تـا کۆتایـی سـاڵی ١٣٩٧ لـە بڵاڤۆکەکانـدا بـڵاو کراونەتــەوە و هەنــدێ تەنــزی چاپکراویشــم لــە بڵاڤۆکەکانــدا هەیــە کــە تەنانـەت یـەک نموونەیشـم لێـرەدا نەهێناوەتـەوە و بەهیـوام –ئەگـەر بکـرێ- بـە جیـا چاپیـان بکـەم، وەکـوو: چیرۆکـی تەنـز، وشـەدانی تەنـز و گەزنـە تیڤـی.

زۆر سپاسـی ناوەنـدی مادیـار ئەکـەم کـە چـزەی یەکەمیـن کتێبـی منیـان پەسـەند کـرد و ڕێگایـان بـۆ چـزووی بابەتەکانیتـرم خـۆش کـرد. هیـوادارم پـاش ئـەم کارەی ئـەوان، بارانـی تەنـز وڵاتەکەمـان بگرێتەوە و بەرهەمی باشـتر و شـیاوتر لـە بـواری تەنـزدا چـاپ بکـرێ.

هــەوڵ دراوە بابەتەکانــی نــاو ئــەم کتێبــە بــە پێــی مێــژووی بڵاوکردنەوەیــان لــە نـاو بڵاڤۆکەکانـدا، لێـرەدا ڕێـک بخرێنـەوە. نـاوی بەشـەکانی ئـەم کتێبەم لـە ناوی ئـەو گۆشـە تەنزانـەوە وەرگرتـووە کـە تاکـوو ئێسـتا لـە بڵاوکراوەکانـدا هەمبـووە. پێمخۆشـبوو بەشـی پەیڤکاتـۆر –کـە لـە کۆتاییەکانـی سـاڵی ١٣٩٧دا دەسـتم کـرد بـە بڵاوکردنـەوەی و تـام و بۆنـی لـە بەشـەکانیتر ناچـێ- و بەشـی فارسـی –کـە زمانەکـەی کـوردی نییـە- لـە کۆتایـی کتێبەکـەدا و بـە جیـا دابنـرێ.

خالۆ ڕەووف، مەریوان، هاوینی ١٣٩٨